### دنیا سەباح یاریزانی تیپی فوتساڵی ئەفرۆدێت:

# خەونی هەموو وەرزشکاری کوردە هەڵبژاردەی خۆمان هەبێت

*** ئاستی یاری تۆپی فوتساڵ لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- ئاستی یاری فوتساڵ لە بەرەو پێش چوندایە لە چاو ساڵانی پێشوو.

*** ئەنجامنەدانی پاڵەوانیەتی تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەو پێش نەچێت؟**

- بێگومان ئەنجامنەدانی پاڵەوانیەتی دەبێتە هۆی لەسەر بەرەوپێش نەچوونی یارییەکە و گرنگیی یارییەکەش کەم دەبێتەوە.

*** پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی یاری تۆپی فوتساڵی کچان بەرەوپێش بچێت؟**

-یاری تۆپی فوتساڵی کچان لە ئێستادا زۆر بەرەوپێش چووە، بەڵام ماومانە و پێویستە گرنگی زیاتری پێبدرێت، دەبێت لە خوێندنگا بنەڕەتییەکانەوە گرنگی بە دەرخستنی کچە بەهرەمەندەکان بدرێت و کردنەوەی فێرگەی تایبەت بەو یارییە لە ئاستی منداڵییەوە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا یاریزانی بەتوانا پێبگەن و دەبێت لەلایەن حکومەتەوە گرنگی تایبەت بەو فێرگانە بدرێت.

***گرفتی یارییەکانی تۆپی فوتساڵ زیاتر لە چیدا دەبینی؟**

- گرفتی یارییەکە بە زۆری نەبوونی یاریگای تایبەت بەم یارییە و کەمیی کەسانی ئەکادیمی بۆ دروستکردن و پێگەیاندنی کچان و کەمی ئەنجامدانی پاڵەوانێتییە.

*** لە هیچ یانەیەك گرێبەستت پێشکەش کراوە؟**

- لە ئێستادا یاریزانی یانەی ئافرۆدێتم و بەردەوامم لەو یانەیە و بە نیازی جێهێشتنی یانەکەش نیم.

*** بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە یاریزانێك بەنیازی چیت؟**

- بۆ داهاتووم پشت بەخوا پلانم زۆرە و نیازم خزمەتکردنی وەرزشی کچانە بەگشتی و بەتایبەتی بگەمە ئاستێکی نێودەوڵەتی لە بواری راهێنەری.

*** لەگەڵ ئەوەی یانەکان پشت بە ڕاهێنەر و یاریزانی بیانی ببەستن؟**

- نەخێر، لەگەڵ ئەوە نیم پشت بە یاریزانی بیانی ببەسترێت، بەڵام دەکرێت راهێنەری بیانی بهێنرێت بۆ ئەوەی بواری راهێنان بەرەو پێش بچێت و راهێنەری خۆمن سوودیان لێ وەربگرن.

*** داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی چییە؟**

- داواکاری من و زۆربەی یاریزانەکانیش ئەوەیە گرنگی بە وەرزشی کچان بدرێت و بە کردنەوەی پاڵەوانیەتی و سپۆنسەری کردنی یانەکانی تایبەت بە کچان و رێکخستنی گەشتی وڵاتانی دەرەوە بۆ وەرگرتنی ئەزموون لێیانەوە بۆ ئەوەی بتوانرێت



یانەی وەرزشیی ئەفرۆدێت یەکێکە لەو یانانەی کە تایبەتە بە یارییەکانی ئافرەتان لە شاری سلێمانی و تیپی تۆپی دەستی یانەکەش یەکێک لە تیپە هەرە بەهێزەکانی سەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراقە کە خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستە و کچە یاریزانانی بەتوانایە، یەکێک لە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش کچە یاریزان گەردان محەممەدە کە لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٣ی شاری چەمچەماڵە و قوتابی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشییە لە زانکۆی سلێمانی. ئەو یاریزانە بە ئاستە بەرزەکەی هەموو لایەکی سەرسام کردووە کە خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستەیە لەگەڵ یانەکەی لە هەردوو خولی نایابی تۆپی پێی کوردستان و عێراق، پێشووتریش بۆ هەریەک لە یانەکانی چەمچەماڵ و ئاشتی و سیروانی نوێ لە هەردوو یاری فوتساڵ و گۆڕەپان و مەیدان یاری کردووە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد، ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی

خزمەتی زیاتری ئافرەتان بکرێت.

*** خەونی وەرزشیت وەکو یاریزانێك چییە؟**

- خەونی وەرزشیم ئەوەیە بگەمە ئاستێکی بەرز لە یاریکردندا و لە پاڵەوانێتیە نێودەوڵەتییەکان بەشداری بکەم.

*** بەهیوای ئەوەنیت هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێ و تۆش یەکێك بیت لە یاریزانانی هەڵبژاردەکە؟**

- خەونی هەموو کچێکی وەرزشکاری کوردە کوردستان ببێتە وڵات و هەڵبژاردەی خۆمان هەبێت و بگاتە هەڵبژاردەی خاکەکەی و یاری بۆ بکات.

*** لە هەڵبژاردەی تۆپی پێی عێراق داواکراوی؟**

- بەڵێ، بەڵام بەهۆکاری تایبەتی نەمتوانی بڕۆم.

*** بەچ یاریزانێکی جیهانی سەرسامیت؟**

- بە یاریزانان رۆنالدینهۆ و زیدان و ئینێستا.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- سوپاسی باوك و دایکم بکەم، بەتایبەتی ئەوان هۆکاری سەرکەوتنی منن لە ژیانی وەرزشیم و سوپاسی گۆڤاری گوڵان دەکەم کە یاریزانەکان بەسەر دەکەنەوە، بەم بەسەر کردنەوەیەش خزمەتێك بە وەرزشی کچان دەگەیێنن. هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.




# ئینێستا کاتی ڕۆیشتنی لە بەرشلۆنە ئاشکراکرد

ڕۆژنامەیەکی ئیسپانیا ئاشکرایکرد، کە ئەندرێس ئینێستای یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی یانەی بەرشلۆنە بەنیازە لە کۆتایی وەرزی ئەمساڵدا ریزەکانی یانە کەتەلۆنییەکە جێبهێڵێت.

ڕۆژنامەی گۆڵی ئیسپانی رایگەیاند، ئینێستا یاریزان لیۆنێل مێسی ئاگادار کردووەتەوە، کە لەکۆتایی ئەم وەرزەدا دەیەوێت ریزەکانی بلوگرانا جێبهێڵێت.

هەمان ڕۆژنامە باس لەوە دەکات کە ئینێستا گوتوویەتی: لەگەڵ بەدەستهێنانی نازناوی لیگای ئەمساڵ بەبێ بیرکردنەوە بەرشلۆنە جێدەهێڵم.

ناوبراو لەم کۆتاییانەدا لەگەڵ ئیدارەی یانەکەی هەندێك کێشەی بچووکی هەبووەو پێدەچێت هۆکارێك بێت بۆ ئەوەی ریزی یانەکەی جێبهێڵێت.

بەگوێرەی چەند زانیارییەك پێدەچێت ئینێستا ئارەزوو بکات هاوشانی داڤید ڤیای هاوڕێی و هێرشبەری پێشووی یانەی بەرشلۆنە لە یانەی نیویۆرك سیتی ئەمەریکی یاری بکات.

کوڕەکەی لاماسیا لەگەڵ بلاوگرانا و هەڵبژاردەی ئیسپانیا چەندین نازناوی گەورە و نێودەوڵەتی بەدەستهێناوەو جێ پەنجەی دیاری لە مێژووی تۆپی پێدا نەخشاندووە.

# مانای وشەی (هەلە مەدرید) بزانە




هاندەرانی ریاڵ مەدرید لە هەر شوێنێکی دنیادا بن لەگەڵ سەرکەوتنەکانی ئەو یانەیەدا دروشمی (هەلە مەدرید) دەڵێنەوە، بەتایبەت ئیسپانییەکان.

زۆرێك لە هاندەرە عەرەبەکانیش ئەو وشەیە دەڵێنەوە وا لێی تێگەیشتوون، کە بەمانای (سڵاو مەدرید) دێت، بەڵام لەبنەڕەتدا و بە زمانی ئیسپانی هەلە مەدرید بەمانای (بۆ پێشەوە مەدرید) دێت.

وشەی هەلە لە زمانی ئیسپانیدا بەمانای پشتگیریکردن، یان بۆ پێشەوە دێت و دروشمی بۆ پێشەوە مەدریدیان کردووەتە سنبولی یانە مەدریدییەکە.

# مارادۆنا هێرشەکانی بۆ سەر مێسی و فیفا دەستپێکرد

دیگۆ ئەرماندۆ مارادۆنای ئەفسانەی ئەرژەنتییەنیەکان رەخنەی توند لە یەکێتی تۆپی پێی جیهان دەگرێت سەبارەت بەلابردنی سزاکەی لیۆنێل مێسی هاونیشتمانی.

لە لێدوانێکی رۆژنامەوانیدا مارادۆنا ئاشکرایکردووە، کە مێسی شایستەی ئەوە بوو دوو یاریی رابگیرێت و نەدەبوو ئەو سزایەی لەسەر لاببرێت، چونکە کاری نەشیاوی کردووە.

مارادۆنا زیاتر باس لە بڕیارەکانی فیفا دەکات و دەڵێت ئەو کارەی کردوویانە نەگونجاوەو پێشێلی یاساکانی تۆپی پێیان کردووە.

مێسی بەهۆی بەکارهێنانی وشەی نەشیاو لە یاری هەڵبژاردەکەی بەرامبەر هەڵبژاردەی چیلی لە رۆژی ٢٤ی ئازاری رابردوودا، لەلایەن یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتییەوە سزادراو بۆ چوار یاری راگیرا .

دواتر مێسی لە یاری رابردووی هەڵبژاردەکەی بەرامبەر بۆلیڤیا بەشداری نەکرد و رۆژی هەینی رابردووش یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی لەسەر داواکەی یەکێتی تۆپی پێی ئەرژەنتین بە بڕیارەکەیدا چووەوە و سزاکەی سەر مێسی هەڵگرت.

هەڵبژاردەی ئەرژەنتین لە ئێستادا بەکۆکردنەوەی ٢٢ خاڵ لە پلەی پێنجەمی پاڵاوتنەکانی کیشوەری ئەمریکای باشوور بۆ گەیشتن بۆ مۆندیالی ٢٠١٨ی رووسیایە و چوار یاری داهاتووی یەکلاکەرەوە و چارەنووسساز دەبێت.





# عەلی کاکە مینە خزمەتی کەرکووک دەکات

خولی نایابی یانەکانی کوردستان لە وەرزی ئەمساڵ چەندین هێرشبەری لاوی تێدا بە دیار کەوت کە کێبڕکێیان لە سەر بەدەستهێنانی نازناوی گۆڵکاری خولەکەیان دەکرد، یەکێك لە یاریزانە لاوەکانی ئەم وەرزەش عەلی کاکە مینەی یاریزانی لاوی یانەی شێروانەی گەرمیان بوو، ئەم گۆڵکارە ئەمساڵ لەگەڵ دەستپێکی خولەکە بڕیاری بەدەستهێنانی نازناوی گۆڵکاری خولی کوردستانی دابوو، توانیشی خەونەکەی بێنێتەدی، لەم بارەشەوە عەلی کاکەمینە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «خولی کوردستان ئەمساڵ زۆر بەهێز بوو، ساڵ بەساڵیش خولەکە زیاتر بەهێز دەبێت، چونکە یانەکانی زیاتر کێبڕکێ دەکەن لەسەر نازناوەکە، جگە لەوەش چەندین یاریزانی لاو کێبڕکێی ئەنجامی شایستە و باشترینەکانیان دەکرد، منیش لە پاڵ هەموو یاریزانانی یانەکە توانیم نازناوی گۆڵکاری خولی کوردستان بە تۆمارکردنی ٩گۆڵ بەدەستبهێنم، ئەوەش بۆ من دەستکەوتێکی گەورەی وەرزشییە لە ژیانم کە لە پاڵ ئەم هەموو یاریزانە توانیم نازناوەکە بهێنمەوە کەلار، سوپاسی هاوڕێیەکانم دەکەم کە پاڵپشت و هاوکارم بوون، جگە لەوەش من ئێستا گرێبەستم لەگەڵ یانەی گازی باکوور کردووە، بۆ ئەوەی خزمەتیان بکەم لە خولی پلە یەکی عێراق، بۆیە حەزیشم کرد یاری بۆ ئەم یانەییە بکەم، چونکە لە شاری کەرکووکە و حەزم کردووە هەر شتێك پێشکەش بەم شارە بکەم.» لە بارەی گرێبەستی دیکەش عەلی گوتی: «چەندین گرێبەستم پێشکەش کرا بوو لەلایەن چەندین یانەی عێراق و کوردستان، بەڵام من ئێستا تەنیا یاری بۆ یانەی گازی باکوور دەکەم و لەگەڵ هیچ یانەیەك قسەم نەکردووە و تازە خولی کوردستان کۆتایی هاتووە، قسەکردن بۆ یاریکردن هێشتا کاتی نەهاتووە، بەهیوای ئەوەم بتوانم خزمەتێك پێشکەش بە وەرزش بکەم، خۆیشم بە شایستە دەزانم کە نازناوی گۆڵکاری خولی کوردستانم بەدەست هێناوە.»



# بەیار ئەبوبەکر گازی باکووری هەڵبژارد

بەیار ئەبوبەکر یاریزانی لاوی پێشووی یانەی دهۆك و ئەم وەرزەش لەگەڵ یانەی زێرەڤانی لە خولی نایابی کوردستان یاری بۆ یانەکەی بادینان کردووە، بەڵام بەهۆی داواکاری زۆری لەلایەن یانەکانی خولی عێراقی تاکو ئێستا هیچ بڕیارێکی لەسەر وەرزی داهاتوو نەداوە، چونکە خولی کوردستان ماوەیەکی کەمە کۆتایی هاتووە، بەڵام یانەی گازی باکوور بەردەوام هەوڵی ئەوەیان داوە ئەم یاریزانە رازی بکەن و دواجاریش سەرکەوتوو بوون لە گواستنەوەی ئەم یاریزانە، لەم بارەشەوە بەیار ئەبوبەکر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «من ئەمساڵ تەنیا لە خولی کوردستان یاریم بۆ یانەی زێرەڤانی کردو نەمانتوانی سەرکەوین بۆ چوارگۆشەی زێڕینی خولی کوردستان، ئێستا بەفەرمی گرێبەستم لەگەڵ یانەی گازی باکوور مۆرکردووە و تەنیا بۆ ئەو یارییانەی خولی پلە یەکی عێراقی.» گوتیشی: «لەسەر داوای کاپتن عەبدوللا چوومەتە بۆ ئەم یانەیە و تەنیا لە خولی پلە یەکی عێراق یاری دەکەم و ئێستاش تیپەکەمان سەرکەوتووە بۆ قۆناخی داهاتوو، منیش هەموو هەوڵێك دەدەم بۆ ئەوەی تیپەکە سەربکەوێت بۆ خولی نایابی عێراقی.» لەبارەی بڕی گرێبەستەکەشی گوتی: «بۆ یارییەکانی ئەم وەرزی خولی پلە یەکی عێراقی گرێبەستم کردووە و بڕەکەشی ١٥ ملیۆن دینارە، بەهیوای ئەوەم بتوانم هاوکارێکی باشی یانەکە بم بۆ سەرکەوتنیان بۆ خولی پلە نایابی عێراق.»



# یانەی دهۆک خۆی نوێ دەکاتەوە

تیپی تۆپی پێی یانەی دهۆك کە قەیرانی دارایی ڕێگەی نەدا بە کۆمەڵێك ئەستێرەی شارەکەی کێبڕکێ لەگەڵ یانە گەورەکانی عێراق بکات، بۆیە بەناچاری بڕیاری پاشەکشەکردن لە خولە گەورەکەی عێراق دەدەن، جگە لەوەش تیپەکە ئەمساڵ دوچاری شکستێکی دیکە هات، ئەویش دابەزین بوو لە خولی نایابی کوردستان بۆ خولی پلە یەکی کوردستان، ئێستاش تیپەکە بەرنامەی خۆی هەیە بۆ هەستانەوەی تیپەکەیان لە هەردوو خوڵ، لەم بارەشەوە محەممەد عەلی بەرپرسی ڕاگەیاندنی یانەی دهۆك بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: « ئێمە لە خولی پلە نایابی عێراقین، چونکە هیچ کەسێك ئێمەی لەوە ئاگادار نەکردۆتەوە کە بەشداری خولەکە ناکەین لە وەرزی نوێ، بۆیە ئێستا بەرنامە و پلانی خۆمان هەیە و لەگەڵ یەکێتی تۆپی پێی عێراقیش قسەمان کردووە، هەندێك پارەی یاریزانە پیشەگەرەکانمان لایە، ئەگەر پارەی ئەوان دابین بکەین، کێشەکانمان چارەسەر دەبێت.» لەبارەی دانەوەی قەرزەکانیش عەلی گوتی: «ئێمە هەندێك زەویمان هەیە لە یانەی دهۆك ئێستا لە هەوڵی ئەوەین لەگەڵ چەند کەسانێك وەبەرهێنان بکەین بۆ ئەوەی هێزێکی دیکە بدەینە تیپەکە.» لەبارەی دابەزینیان بۆ خولی پلە یەکی کوردستانیش گوتی: «ئێستا تیپەکەمان هەڵوەشاوەتەوە، بەڵام بۆ وەرزی نوێ خولەکە ئێمە بە نەفەسێکی باشتر دێینەوە خولی عێراق و تیپێکی نوێ دروست دەکەین و چەندین ڕاهێنەری عێراقیش ئێستا لە سەر هێڵن بۆ ئەوەی ببەنە ڕاهێنەری یانەکە و یاریزانی بەتواناش دەهێنین بۆ هەستانەوەی تیپەکە بەرنامەی زۆریشمان هەیە بۆ ئەوەی بتوانین گرنگیەکی زیاتر بەسەرجەم تیپەکانی یانەی دهۆك بدەین، ئێستاش هەر چەندە هیچ یارییەکمان نەماوە، چونکە خولەکان کۆتاییان هاتووە، بەڵام بە بەهێزی دەگەڕێینەوە بۆ سەرجەم خولەکانی کوردستان و عێراق.»